## لەدەروازەی کۆنگرەی یەکێتی دا ..

### هەڵبژاردن و خۆهەڵبژاردن ..

بەتەنیا هەر ماف نی یە ! جگە لەکردەیەکی ڕێکخراوەیی و بەرپرسیاریەتی مێژوویی بۆ خودی ئەندامیش ئەرکێکی ویژدانی و ڕەوشتی یە . لەهەر کام پۆزسیۆنی گچکە و گەورەی حیزبیەوەبێ هەڵبژێرەر دەبێ وردبین و ژیرانی تادەکرێ دوور لەسۆز بریاری دروست بدا ، جگە لەمێژووی ژیانی کاندیدەکە کە هەرخۆی بەرپرسە لە چاکی و خراپیەکانی بەستنەوەی بەئێستا کە چی پێ یە و چی پێ دەکرێ ؟ سێ خاڵی سەرەکی دیدەبگرێ کە لەکاندیدەکەی دا هەبێ ( **بیروبۆچوون** ، **توانست** ، **شیاوی** ) واتە هەڵگری یا داهێنەری بیری تایبەت و بەرنامەی گشتگیری بەقازانجی هەمووان ، توانای لێکدانەوەی زانستی ، بەرگە و خۆڕاگری کایەکان ، ئەگەر تواناشی هەبوو دەبێ شیاوی جێگە تەرخانکراوەکە بێ لەڕووی تەمەن ، تەندروستی و گونجاندا . لەوەیە کەسێک بیروبۆچوونی هەبێ بەلاّم تواناو شیاوی شوێنەکە نەبێ بەپێچەوانەکانیشیەوە ئەگەر هەریەکێکیانی کەم بێ یا وەک پێویست نەبێ ڕەوایە بیر لەکاندیدی تر بکرێتەوە .

### دارە سەوزەکە ..

هەموو ساڵی درەختەکان هەرپەردافتنیان دەوێ لق و چڵە زیاد و خوارەکانی دەبڕدرێ بەنیازی بەهێزبوون ، جوانی و پربەرهەمکردنی ئینجا دارە سەوزەکەی یەکێتیش کاتی ڕێکخستنەوەی هاتووە بەو ئاگاییەی کە هەر لقێکی برین ئاکامیەتی نابێ بیسوتێنین و فرێ ی بدەین بەڵکو وەک باخەوانەکان براوەکان دەهاڕن وەک پەینی سروشتی بیخەینەوە ژێر دارەکە تا مادە بەسودەکانی لەخاکەوە ببەخشێتەوە بەڕەگەکان . ئەگەر ڕەگەکان چەند شارەگ و تولە ڕەگێکن بەقەدەوە بەندن مادە بنەڕەتیەکان دابین دەکەن و دەگەیەنن هۆکاری سەرەکی چەسپان یا گەورەبوونن بەسەرکردایەتیان بچووێنین ئەوا لق و چڵ و گەڵاکانیش ئەندام و لایەنگرانن کە بەهۆیانەوە جوانی و سەوزی ژیان کرداری ڕۆشنەپێکهاتن بۆ تەواوی دارەکە دابین دەکەن واتە سەروژێر تەواوکەری یەکترین . دارە سەوزەکەش ئۆرگانی یە چەندان نەخۆشی لێیداوە چارەسەریش پێویستیە تابتوانێ جوان و بەهێز و بەرداربێ لەسایەی سێبەر و بەرهەمی هەموومان پشووی حەسانەوە بدەین .

### ڕەخنەی بەخۆداچوونەوە ..

زانست بەگومان و ڕەخنە پێش دەکەوێ لەهەر لێکدانەوە و داهێنانێك شک هەیە کە زیانی لاوەکی هەبێ و کەم بکرێتەوە یا باشتر و پێشکەوتووتر داهێنان بکرێ . وادام حیزب مادەیەکی ئۆرگانی یە و لەمرۆڤ پێکدێ بێشک نەهاتەی باری خۆیی و باری دەرەکی سستی پەکەفتەی دەکا بۆ باشترکردنی سیستەمی کار و داهاتووی جۆری بەرهەمەکان

ڕەخنە و ڕەخنەلەخۆگرتن پرۆسەیەکی خۆسەپێنەرە ، دەسنیشانی برین و هەڵدانەوەی قەتماغەکان ئەگەر ژانیشی هەبێ پێویستیە بۆ تیمار و چابوونەوە . هەر لەشێکیش ساغ و تەندروست نەبێ ناکرێ بیری باش و بەرهەمی باشی هەبێ . ڕەخنەی زانستی ئەو ڕەخنەیە لەسیستەمی کار دەگیرێ نەک تەنیا ناوزڕانی بەرپرس و تاکی ئەندامان ، واتە گەر سیستەمەکە هەڵەبژێر بکرێ ئەوا باشترە لەڕەخنەی ئاڕاستەی هەڤاڵان هەروەها باشترە ڕەخنەگر لەپێشەوە ڕەخنەی لەخۆی گرتبێ تا ڕەخنەکەی وەک پێشنیار لێ وەربگیرێ و جێ بەجێ بکرێ .

## یەکێتی یەکێتیەکان ..

بەواتای وشەیی ئێستا و پێویستی مێژووە دەرهاوێشتەکەی یەکێتی بۆ یەکێتی جیاوازیەکانە . ڕستەکەی بەڕێز مام جەلال: یەکێتی ڕیزەکانی ناو یەکێتی هەروەها مارشی یەکێتی هۆنراوەکەی مامۆستا شێرکۆ بێکەس: مەشخەڵانی شۆرشی نوێ ی ئەم جارە واتە هەر مەشخەڵێک نی یە ! جگە لەهەر دیاردەیەکی بەڵگەنەویستی تری لێکترازانی ڕەوت و باڵ و گروپە جیابۆوەکان ئێستاش لەناو یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەستەک ( تەکەتول ) هەیە و کاری پێ دەکرێ . پێم وایە دیاردەیەکی تەندروست بێ کێشەیە گەر تیم و بەستەکەکان ئەرێنی بن واتە لەبەرژەوەندی خۆیان لەژێر ساپیتەی بەرژەوەندی گشتی و بەقازانجی یەکێتی کاربکەن . نمونەیەکی سادە مرۆڤ لەگەڵ خوشک و برای خۆی بەستەک دەکا و جار هەیە دوانی لەوانی تر خۆشتردەوێ یا بڕوا و متمانەی زیاتریان پێدەکا . کەواتە دۆزینەوەی خاڵی ئامانجی هاوبەش ، قازانجی هاوبەش ، پەستۆی دوژمنی هاوبەش ، شیاوترین ڕێگەچارەی گونجان و تەبایی یەکێتی یەکێتیەکانە ڕاستیەکە خۆکەسمان لێ زیاد نی یە بەڵێ پێویستیمان بەهەمووانە .

## بیری گەنجانە ..

تەمەنی گەنج یا بیری گەنج دەخەینە پێش نیشانەی پرسیارەوە ؟ کامیتان دەوێ پیاوێکی تەمەنداری بیرگەنج و گەنجپارێز یا گەنجێکی تەمەن هەرزەی بیر پیر و کۆنەپارێز باشترە ؟ نوێکردنەوە پەیوەست نی یە بەتەمەنەوە ئەوەندی پەیوەستە بەبیر و نیازەوە . یەکێتی هەرلەسەرەتاوە ڕێکخراوی گەنجان بوو ژمارەیەکی زۆری سەرکردەکانی سەرەتای شۆڕش هەر گەنج بوون لەشەهیدان ئارام ، ئازاد هەورامی ، حەسەن کوێستانی ..... بەڕابەرایەتی مامێکی گەنجی ئەو سەردەمە لەگەڵ زیندوەکانی ئێستا کە پیربوون یا بەرو پیری دەڕۆن هاوتا ڕێکخستن و زیندانی و پێشمەرگە دێرینەکانیشی . خۆ ئەگەر گەنجێکیش لەڕێکخستنی نوێ چەپکە گوڵەکە لەدوای ئەوان هەڵنەگرێ ئەوا گەنجینەی خەباتی ئەوانیش بەهەدەر دەچێ و مەرجیش نی یە ئەو گەنجە هەرکەس و برا و برازای

بەرپرسان بێ ! یا کەسێکی سادەی بێ زانیاری و هەڵنەگری مەرجەکانی سەرکردایەتی بێ چونکە گەنجە بەپێش خۆمانی بدەین بەرەچاوی ئەوەی ناوەڕاستی تەمەن دوای نیوسەدەش لەژیان هەرگەنجی یە .

**فۆرماتی ئەندامەتی ..**

ڕۆشەنبیری ڕێکخراوەیی ، سەرنجکێشان لەسزا و پاداشت ، دیسپلین و ئینتما بۆ کێ یە ؟ حیزب یان کەس و بەستەکی نەرێنی کە لەبەرژەوەندی گشتی لایان داوە ! پیرۆزی ئەندام بوون لەوەدایە وا بەئاسانی شکۆی سەروەری ئەندامەتی وەرنەگرێ بەڵکو قۆناغی لایەنگری چەند مانگێک بخایەنێ و هەوڵی هۆشیاری بووێ نەک بەمانگێک بەبێ فلتەر ببێ بەئەندام هەموو مافێکیشی هەبێ ! سەرلێشێوان بێ زانینی توانای خودی بۆ هەموو پێگە و ئۆرگانێک خۆی هەڵبژێرێ ، هەڤاڵینە خۆ چوونە کۆنگرە حەج کردن نی یە دواییش پاداشتی چوونە بەهەشت بێ ! کاری ڕێکخستن تایبەتمەندی و کارایی دەوێ چۆن تیپێکی تۆپانێ گۆڵچی و گۆڵکەری هەیە ، پارێزەر و هاوکاری هەیە ئاواش ئەرکەکان لەحیزبدا ماف و ئەرکی ئەندامانی هەیە . پرسێک لە تازەگەری بۆ لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون ئەگەر پۆلێنی ئەندامەکان وا پێناسە بکرێ .. **( لایەنگر ، ئەندامی کارگێڕی ، ئەندامی چالاک )** زۆرینەی سەرتاسەری ڕێکخستن بەلایەنگر بناسرێ و لەپرۆسەکانی هەڵبژاردن ئامادە و کارای کایەکان بن . ئەندامی کارگێڕی هەموو ئەو کادیرانەبن بەڕێوەبەری دەزگا و بازنەکانی ڕێکخستن ئیشوکارەکان ڕاپەڕێنن . ئەندامی چالاک ئەو کادیرە پێشکەوتوو سەرکردەییانە پەروەردە و ئامادەکراوانەبن خاوەنی بڕیار و ئامادەی پێشڕەوایەتی بن .

**سەرکردەی سەردەم ..**

سەرکردە و جۆرەکانی بۆ هەر سەردەم و شوێنێک جیاوازیان هەیە ، هەڵبژاردن و گوڵبژێری پێویستیە ، تا ئەوکاتەی تواناوپێدانی مابێ دەکرێ سودی لێوەرگیرێ بەڵام مەرج نی یە ئەوەی دوێنی سەرکردەبوو شیاوی ئەمڕۆ و سوارچاکی هەموو بوارەکان بێ یا ئەوەی ئەمڕۆ بۆ سبەی دەسبدا ! خۆگونجان و لەگەڵ ڕۆیشتن شتێکە داهێنان و بەرهەم شتێکی ترە . ئەوەی لەخولێکی سەرکردەییدا داهێنان و توانای دەردەخا گەر بەشداری دەیان خولی تر و بەسەرکردە هەڵبژێردرێتەوە هەرهەمان توانایە و شتێکی تر زیاد ناکا . بێگومان هیچ سەرکردەیەک ئاسان دەسبەرداری سەرکردایەتی و قەڵەمڕەوی فەنتازیای پاوانداری مەملەکەتی خەیاڵی نابێ بەتایبەتیش سەرکردە لەشکریەکان بەڵام وەستان ئەو خاڵەیە ئەگەر پێش گەیشتن پێ ی ئامادەیی بۆ نەکرێ ئەوا دواییەکەی مێژوو بێبەزەیی تەخت و تاراجی هەنجن هەنجن دەکا و خۆشی نەمر نابێ . بۆیە هەڵبژاردنی سەرکردە و تاجی فەرماندەیی چەندەی خۆشی یە و سەروەریە ئاواش کاتی دابەزین و

هاتنەوە ڕیزی ئەندامەتی ئەوپەڕی شکۆمەندی خودی سەرکردەکەیە لەجیاتی هێنانە خوارەوەی بەهەڵا و هۆیها شیاوترە بەچەپڵە و گوڵباران بەرێزی بێ پایانەوە لەپلەکانی شەرەفمەندی هاوڕیز بکرێ . بێگومان سەردەم بیری نوێ و سەرکردەی نوێ بۆحیزب دروست دەکا ، لەدەروازەی کۆنگرەی یەکێتی دا دەیان و سەدان ئەندامی چالاک خۆیان پاڵاوتووە هەندێکیان کۆن و نوێخوازن هەندێکیشیان نوێ و کۆنەخوازن پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە ، دەتوانین بەدەنگێکی بڵند بڵێین: لەم هاوکێشە هەستیارەدا بڕیاری ئەندامانی کۆنگرە جگە لەوەی ئەرکێکی ڕێکخراوەیی یە ، ویژدانی دادوەر و کرۆکی ڕەوشتی مرۆڤایەتی یە . هەڤاڵینە تکایە هۆشیاربن کورد دەڵێ: " هەرچی سمێڵی سور بوو هەمزاغە نی یە " پێوەرتان هەبێ لەبەرەیەکی شەڕدا هەزار کادیر قوربانی پێشمەرگەیەکی نەبەز دەبێ ، لەکۆنگرەیەکی حیزبی یا نێونەتەوەیی دا هەزار پێشمەرگە قوربانی کادیرێکی سیاسی دبلۆماسی دەبێ ئەگەر کادیرەکە تەکەتولبازێکی خۆپەرست نەبێ !

**بانگەوازم لەکۆنگرە ..**

هەڤاڵانی کۆنگرەکەی یەکێتی نیشتمانیم ئێوەن نوێنەری ویست و داهێنەری کامەرانیم ، ئەرێ تۆ هەڤاڵەکەی ڕێت لێگرتم منیش بێم دوای چەندین ساڵ خەبات باجی ئەندامەتی بەسەر سینەم هەڵگرم .. قورگت گرتم نەتهێڵا ! خۆ ئێستا ناتوانی بیر و پێنوسەکەم بخنکێنی بەدەستەگەری بەبێ گەوزین لەخوێنا مردارم کەی ڕۆحی ئازادیم دەربهێنی ؟ پەیامەکەم هەردەگا لەدەروازەی کۆنگرەی یەکێتی دا لەدەرگای ویژدانی هەر تاکێکتان دەدا ، هۆ هەڤاڵینە .. ویستم بێم و لەکاتی وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدان دەنگ هەڵبڕم هاوار بکەم : بەخوێنی شەهیدان سوێندتان بدەم ئێستا کاتی پەیمانی ئاکارە ، دەس لەسەر دڵ دانێن و بەدوامدا هاوارکەن بڵێن : ئەم پەیمانی ئاکارە ئەرێ پەیمانی شەرەف و دوابڕیارە ، ئێستا کاتی یەکگرتنی ڕەوت و باڵ و کوتلە و دەستەگەری بێ ئامارە ! کات نەماوە بەسە جیایی خزم خزمێنە و گەندەڵی بێ کارە . هەڤاڵینە ڕاچڵەکێن موچڕکێ بتان تەزێنێ خۆ ئەوە هەر ویستی من نی یە بەڵکو ویستی چەندەها لایەنگر و جیابۆوە و ئەندامی دڵسۆزی چاو لەدەمی ئێوەی بێ چارە . هەڤاڵینە دڵنیابن ئێستا دایکی شەهید نزای سەرکەوتنتان بۆ دەکا ، لەم ساتە وەستانە گیانی دکتۆر خالید و عەلی عەسکەری و ئارام و ئازاد هەورامی بەسەر سەرتانەوەیە چاویان تیژە ناختان دەخوێننەوە ، پەتی ملی شەهاب و جەعفەر و ئەنوەر مەدالیای زێڕە دەدرەوشێنەوە ، شەوکەتی حاجی مشیر نەعرەتەی ئازایەتی پێشمەرگەتان بەسەردەبارێنێ ، شەهید جەعفەری حەمەدەرویش داوای ڕاستگۆییتان لێدەکا و دەڵی بۆ مانی یەکێتی لەپارتیزانی دا چەندین شەو بێ نان چاوم چۆتە خەو بێ سەرکردە پۆلێ پارتیزانم بۆ سەرپەرشتی کردن . شەهید سەرباز دەست لەگیرفانی ڕادەکا و مشتێ ورکە نان دەردێنێ و خۆی نایخوا

دەیدا بەمێرمنداڵترین پێشمەرگە تا برسی نەبێ بەهێز بمێنێ . دەی ئێوەش هەر تۆزێ چاوهەڵبڕن لەئاستی شەماڵ و جەمالی عەلی باپیر و سەید کەریم و هەموو شەهیدان شەرم نەتانگری دەس لەگیرفانتان کەن لەهەگبەی باوەڕەوە نوقڵانەی شیرینی جەژنانە بدەنە کوڕی شەهید و هەڤاڵانی نائامادەی کۆنگرە . هۆ هەڤاڵینە لێم تێبگەن گەر هەڵۆبین بەتاکە باڵێک نافڕین ، خۆ گەر تاکەچاوبین و هەردووکیشی نابینا نەبێ هەر پێمان دەڵێن کوێرە جا ئەگەر دەستێکیشمان نەبێ هەردەڵێن گۆجە و گەر بەیەک لینگیش بوەستین دڵنیابن هەرپێمان دەڵێن شەلە . کە دووچاومان هەیە کوێرمان مەکەن ، کە دوو دەستمان هەیە گۆجمان مەکەن ، کە دوو پێمان هەیە شەلمان مەکەن ، گەر دوو باڵمان هەیە بێ بەرزە فڕی تاقی ئاسمانمان مەکەن ! هەر هەمووتان دواجار بەگیانی لێبوردەیی بەرژەوەندی هاوبەش و دوژمنی هاوبەش پێناسەبکەن ڕەخنە لەتاک نەبێ سیستەمی کار نۆژەن بکەن تەنیا و تەنیا تەکەتولی یەکێتی بین . دیسانەوە هەرهەمووتان ئەرک و مافی ئەندامەتی فۆڕمات بکەن ، سەرۆکمان ناوێ شەرمی لێ بکەین لێ ی بترسین ، فەرمان بدا سەرمان نەوی ملکەچین ! هەر سکرتێرە بۆمان کەس و مامە ، نوێنەر و قسەخۆشی برادەر و دڵگەورەی ڕەخنە و پێشڕەوی شاسوارە .

**سەرکردە و ئینتەرنێت ..**

پەیوەندی نێوان سەرکردە و لایەنگر یا ئەندامانی ئۆرگانەکانی خوارەوە شاڕەگی بەردەوامی هەروەها سەرکەوتنی حیزبە . لەسەدەی بیستویەک لەناو جەنجاڵ و ڕایەڵەی پەیوەندیەکاندا تیشکەنامەی ئەلیکترۆنی ( ئیمێل ) ئەو دیاردە سیحر بەزێنەیە ناڕاستەوخۆ پەیوەندیەکان لەچرکەساتدا دەگەیەنێ و گرێبەند دەکا ، تەکنەلۆجیا بەگشتی و تەلەفۆنی دەستی بەکورتەنامە خێراکەی هەمان خزمەتگوزاری ئەرک و مەبەست دەگەیەنن ، نابێ و ناشی سەرکردەکانی ئەم سەردەمە بەتایبەتی لەناو یەکێتیدا کە لەم کۆنگرە نوێیە هەڵدەبژێردرێن خوازیاری بوون بەحیزبی دامەزراوەییان هەیە دابڕاوی ئینتەرنێت یان بێ ئاگا و پشتگوێخەری هەموو ئەو خزمەتگوزاریانەبن . بێتوو وەک مێژوێکی نزیک ئاوڕ لەسەردەمی خەباتی شاخ بدەینەوە سەرەڕای دووری سەرکردایەتی و زەوەندی گرفتەکان بەڵام لەڕێگای ئامێرەکانی ڕاکاڵ و ڕادیۆ پەیوەندی لەگەڵ ئۆرگانەکانی خوارەوە تا جەماوەر زۆر بەهێز بوو کەچی لەم سەردەمەی قۆناغی فەرمانڕەوایی ئەگەری کزی پەیوەندیەکان وەک دیاردەیەکی بەرچاو لاواز و بێ هێزە ! نەخوێندنەوەی ماڵپەڕەئەلکترۆنیەکان ئەوپەڕی بێئاگایی لەڕاوبۆچوونی دوست و دوژمنانە کەدەکرێ هەنگاوی سیاسەتی ڕاست و سەردەمیانەی لەسەر هەڵبهێندرێ ، ئەگەر پاساو کێشەی کەمکاتی ، سەرقاڵی و پڕکاری بیانووبێ ئاسانە دەتوانن لەڕێگای سکرتاریەتی خۆیانەوە پەیوەندیەکان وەڵام بدەنەوە بەئاشکرا بواری پەیوەندیەکان چڕ و

بەهێز بکەن کەبەقازانجی خۆیان و یەکێتیەکەمان تەواو دەبێ بەتایبەتیش تیشکەنامەکان هۆکارێکی پەیوەندی شارستانی و تەندروستە .

## دزەی چوونە کۆنگرە !

پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆنگرەی سێیەم لەتۆڕ و فلتەرە بەرتەسکەکانی لەقالب دان هەروەها نەخوێندنەوەی توانای ژمارەیەکی زۆری ئەندامە جۆریەکان دەکرێ بەهەڵەیەکی سیستەماتی و ئەنقەست پێناسەبکرێ بۆ زیاتر قوڵبونەوەی درزی دیاردەی تەکەتول ، هاندان بۆ باڵ باڵێن و پەراوێزکردنی ئەندامە تەنیا یەکێتی یەکان بەلآم ئەوەی لەهەمووی بریندارکەرتربوو دزەی چوون یا بەشداری هەندێ لەو هەڤالآنەیە لەم ڕۆژانەی دوای هەڵبژاردنەکان لەهەندەرانەوە بەپێ ی ناسین و دڵنەوایی ، هۆکاری بێ هێز و هەڵخەڵەتێنەر ، بازدان بەسەر مافی گشتی و بێدادی ، ڕادەی توانا و دڵسۆزی ... دیاردەیەکی ڕوونی نەشاراوەی گوماناوی بۆ کەسانی خاوەن ئینتما بۆ یەکێتی بوو ! بەداخەوە هیچ پاکانەیەک دادی نادا ، هیچ یاسایەکیش پشتڕاستی ناکاتەوە . ئێمەی پەروەردەی ڕێکخستنەکانی یەکێتی هەر خۆیان فێری ئازایەتی ڕادەبڕین ، لێکدانەوەی زانستی ، چاونەترسی ، دانەپۆشینی هەڵەکان ... لەقوتابخانەیەکی شۆڕشگێڕی پەروەردەیان کردین بێگومان ئێستاش هەر بەوگیانە پێشمەرگە ڕەوشتییەوە کاردەکەین و پەردە لەسەر ناڕەواییەکان هەڵدەماڵین ! پرسەکە ئەوەیە: ئایا چ پێوەرێکی سیاسی ، دیموکراسی ، یایاسای هەڵبژاردن ... تاد. ڕێگە بەو شێوازە بەشداریە دەدا ؟ ئێمە ناوزرێنەری هیچ هەڤاڵێک نین و مافی بەشداری لەبڕیارەکانی ناو یەکێتی لەکەس زەوت ناکەین بەلآم خۆزگە و چەندین جاری تریش خۆزگە بەو هەناسە ساردیە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ نەکردبایین ! گیانی بەرپرسی هەر تۆزێک زاڵ بووایە !

دڵشاد تاقانە



Dlshadtakana@yahoo.com